دانيـــل ديفو

DANIE DEFOE

عبدالحميد عبدالرحمن

له ۲۵ نیسانی ۱۷۱۹ دا له لەندەن له
زێر ناوی «ژیانو سەراو دەراوە سەیرەکانی
روبنسن کروسۆ ، خەڵکی یورکو زەریا
گەڕ»کتێبێك چاپکرا که به قەڵەمی
نووسەرێکی دیاری چاخی خۆی «دانیێل
دیفۆ»بوو ، له پاشانا ناوەکه کورت کراوو
بووه «روبنسن کروسو Robinson Crusoe .
ئەم کتێبه له کتێبه سەرکەوتووو ناودارەکانی
چاخی خۆی بوو . هەرچەنده خێزانێك
۳ــ٤ ڕۆژ دەژیا به نرخه گرانەکەی . بەلاّم
لەگەلْ ئەوەشا هەزاران دانەی لیْ
فرۆشرا . هەرچەنده زوربەی خەڵکی
بەریتانیا هەژارو کەساسو نەخوێندەوار
بوون . له پاشانا ئەم کتێبه بووه یەکێك له
کتێبه کلاسیکی‌یەکانی ئەدەبی ئینگلیزیو
هەموو قوتابی‌یەکان ئێستاش له
قوتابخانەکانیانا ئەیخوێننەوه . له کاتی
خۆیدا ئەم کتێبه وەك کتێبێکی ئەدەبی
گەشتو گوزار ئەژمێردرا ، بەلاّم
ڕەخنەگرەکانو مێژوونووسەکانی ئەدەب به
یەکەم ڕۆمان ی Novel ی دانا له ئەدەبی
ئینگلیزیو ئەدەبی جیهانی دا .

دانیێل دیفۆ ، یەکەم ڕۆمان نووسو
یەکەم ڕۆژنامەگێر بوو . سەیر ترین ژیانی
بردەسەرو هەموو دەم هەراو هوریایەکی
زۆری له نێو خەڵکا بەرپا دەکرد بەهۆی
هەڵوێستو بیروڕا فیکریو سیاسیو
ئاینی‌یەکانی‌یەوه ، هەر هێنده بەسه بلێین ،
دیفۆ ، ڕۆژنامەگێرو ڕۆماننووسو شاعیرو
بازرگانو فەرمانبەرو سیاسیو ساختەچیو
هەلپەرستو سیخور جاسوس ــو
چاکەخواز ــ مصلح ی کۆمەلاّیەتیو
ئاینی بووه . وه له ڕاستی دا زۆربەی زۆری
نووسەران خۆیان له باس کردنی ژیانی
«دیفۆ» دوور ئەخستەوه چونکه ژیانێکی پڕ
ڕووداوی سەیر سەیرو هەڵوێستی توندو
تیژی تیایەو هێنده شت هەیه که وەك
ئەڵقەی وون کراو دیار نی‌یه . لەگەلْ
ئەوەشا ، زۆر نووسەر هەن که زۆر ڕیزو
حورمەتی ئەگرن وەك فیرجینیا وولف که به
شێوەیەکی پڕ شانازی وەك نووسەرێکی
داهێنەرو خاوەن قەڵەمێکی زیندوو باسی
ئەکات . بەلاّم نووسەرێکی وەك دیفۆ .
بۆچی بەم چەشنه ژیاوه؟ بۆچی
سیخوڕیو ساختەچی‌یەتی توش بووه؟
لەبەر چ هۆیەك ئەم پیاوه که زیاتر له
«۲۵۰»کتێبی نووسیوه ڕێگای درۆزنیو
خوارو خێچی گرتۆته بەر؟

وا بزانم ئەگەر دیفۆ جیاواز بکرێتەوه له
سەردەم ــ چاخی ــی خۆی . ئەمه شتێکی
ستەمه . دیفۆ له چاخێك ژیاوه که پڕ بووه
له ڕووداوی ئاینیو سیاسیو ئەخلاقی
ڕەشو تاریکو خوار ، و دیفۆش وەك
گەورەترین ڕۆشنبیری چاخی خۆی
نەیتوانیوه خۆی له ڕۆژگارو زروفی زەمانی

خۆی رزگار بکات بۆیە پێویستە تەماشای رۆژگارەکانی سەردەمی بکەین ، ئینجا بزانین دیفۆ چۆن رەفتاری ئەکرد .

دیفۆ لە ساڵی (١٦٥٩-١٦٦٠) دا؟ لە دایك بووە . لە ساڵی ١٦٦٠ شۆرشی ئینگلیز (١٦٤٠-١٦٦٠) کۆتایی هات لە دووای مردنی کرومویل . رژێمی مەلەکی ستیوارتی‌یەکان گەرا یەوە . لە ساڵی ١٦٦٠ دا چارلزی دووەم بووە بە مەلیك ، ئەم مەلیکە ویستی پیۆریتانەکان Puritans لە هەموو وەزیفەو شوێنەکی ئایینیو دەرکا ئەم خەڵکەی مەزهەبی پیۆریتانو جیاوازخوازەکان «المنشقون(Dissenters» ئازار بداو بیا نچەوسێنێ تەوە ، چونکە ئەوان لایەنگیری کرۆمویل بوونو شۆرشیان دژی رژێمی مەلەکی بەرپا کردبوو . باوکی دانێیل «جەیمس فۆ» یەکێك بوو لە جیاوازخوازکان . پیشەی مۆم دروست کردنی بوو ، بۆیێ دانێیل لە قوتابخانەکانی میری بێبەش کراو زۆر ئازاری ئاینی لە ژیانیا کێشا . لە ساڵی ١٦٦٥ دا نەخۆشی تاعوون لە شاری لەندەن بلاو بۆوەو جەیمس و ماڵو منداڵی رایان کردە دەرەوەی شار تا نەخۆشی‌یەکە نەما ، ئینجا گەرانەوە لەندەن کە شارێکی ئێجگار پیسو دوواکەوتوو بوو لەو سەردەمەدا . لەبەر پیسی ئەم شارە هەزارەها منداڵی ساوا دەمردن ، مەیو مەیخانەو شوێنی هەرزانو کاری پیسیو درندەیی شتێکی ئاسایی بوون لە ژیانی ئەم سەردەمەدا . نەخۆشی خوریکە-ئاوالەPox - ئێجگار بلاو بوو لە نێو خەڵکەکە ، دانێیلو باوکی لە شوێنی «سێنت گایلز ST.Giles کە پیسترین شوێن بووو پر بوو لە مەیخانەی هەرزانو پیس لە شاری لەندەندا دەژیان . دوواکەوتویی میللەتی ئینگلیز لە زۆر دیاردەی کۆمەلایەتی دیار ئەبێ . لەبەر ئەوەی «شەرابی جین Gin هەرزانتر بوو لە شیر بۆیێ دایکان «جین» یان ئەدا بە ساواکانیان بۆ کر کردنەوەیان . هەژاریو مەی و جیاوازی چینایەتیو کۆمەلایەتیو نەخوێندەواریو بێ ئومێدیو تەنگو چەلەمەی ئابووریو کۆمەلایەتیو رەوشت نزمی گەورەترین تاوانبارو مرۆڤی درندەیان دەخوڵقاند ، هەروا خەڵکەکە هێندە چاوقایم بوون لایان شتێکی ئاسایی بوو کە پیاوەکی بێگانەی بێ گوناه تاکو مردن لە بەر چاوی زوربەی خەڵکەکە ئازار بدرێت . تاوانبارێك لەبەر چاوی خەڵکا دەستو لاقو لاشەی پارچە پارچە دەکراو تاکو مردن ئازار ئەدرا هەروا سەیر نەبوون زۆر کۆرپەی- بیژی-بێ گوناە لە گۆشەیەکی تارێكدا یاخود لە بەردەم دەرگایەکدا فری بدرێ ، خەڵکەکە هێندە درندەو بێ بەزەیی بوبوونو هەمیشە دڵیان بە ئازاردانی مرۆڤەکی لاوازو بێگوناە خۆش دەکرد یاخود بەئازاردانی گیانلەبەرو باڵندەکان کاتیان ئەبردەسەر .

کەواتە سادیەت Sadism ، واتە خۆشیو لەزەت وەرگرتن لە ئازاردانی خەڵکی تر ، زاڵ بو بەسەر خەڵکەکەو ئاراستەی دەکردن . ئەم خەڵکە هێندە سەریان لێ شێوا بووو جگە لە کاری نارەواو درندەییو مەیو مەیخانە چی تریان نەدەزانی .شەرمو حەیاو رەوشتی خاوینو ئابروو شەرەف هەمووی لە فەرهەنگی ئەو سەردەمەدا وون کرابون .بۆیێ هەموو رۆژ سەدان کاری بەبەریو درندەییو سزای قورسو کرداری ناشیرین رووی ئەداو بەم چەشنە خەڵکەکە لە قوتابخانەیەکی تووندو تیژیو درندەییو پیسیو نزم رەوشتیدا پەروەردە دەکران .

جگە لەمەش ئەگەر زانیان میری چۆن هەزارەها خەڵکی دەچەوساندەوە لەبەر جیاوازی مەزهەبی ئایینی‌یەوە ، ئینجا بۆمان دەر ئەکەوێ کە دیفۆ چۆن توانی خۆی رزگار بکا لەم بارە نالەبارەو لەم رۆژگارە بێ بەزەیی‌یە؟

لە ساڵی (١٦٦٥) دا کە جێمی فو گەرایەوە بۆ لەندەن ، پیشەی خۆی گۆری ، لە جیاتی مۆم فرۆشی بوو بە قەساب ، و دەوڵەمەند بوو ، لە ساڵی ١٦٦٦ دا ئاگرێکی مەزن زیاتر لە نیوەی شاری لەندەنی گرتەوەو سوتاندی . جیاوازخوازەکان «المنشقون Dissenters کە بە خواپەرستیو مەسیحیەتی خاوێن ناویان دەرکردبوو . و دژی کلیسە ئەنگلیکانی ئینگلیز بوون وایان لێك داوە بە کە تاعوونو ئاگری شاری لەندەن لە خواوە هاتووە بوسەر ئەوکەسانەی کە مەسیحی‌یە راستەقینەکان دەچەوسێنەوە .

دانێیل لەبەر ئەوەی مەزهەبی ئایینی جیاواز بوو لەگەل مەزهەبی ئەنگلیکانی . بۆیێ لە تەمەنی ١٢ ساڵی‌دا چووە ئامۆژگاری «ئەکادیمیەی مۆرتن» . لێرە دیفۆ زۆر شتی سوودبەخش فێربوو ، لە جیاتی ئەوەی زمانی لاتینی مردوو بخوێنێ ، زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو هۆڵەندیو ئیتالیو ئیسپانی خوێند سەرەرای جۆرەها زانستو جوگرافیاو مێژوو ، باوکی دیفۆ ئارەزووی دەکرد کە کورەکەی ببێت بە پیاوێکی ئایینیو ئامۆژگارکا (واعظ) ێکی دڵسۆزی مەزهەبی جیاوازخوازەکان . بەلام دانێیل دیفۆ ئەم ئارەزووەی باوکی بە دڵ نبوو ، هەرچەندە دەمەتەق ئایینیو سیاسیو کۆمەلایەتی لەگەڵ خەڵکا دەکرد . لەو سەردەمەدا خەڵك بە شێوەی نامیلکە بیرورای خۆیان بلاو دەکردەوە . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا چ جیاوازخوازەکانو چ پیاوە ئایینی‌یەکانی تر لە دیفۆ رازی بوون .

چونکە دیفۆ دوگمایەکی(dogma)–مذهب» تایبەتی خۆی هەبوو هەرچەند وەك باوکی جیاوازخوازەکی دڵسۆز بوو، بەلام«تعصب»ی ئایینی نەبوو.

دیفۆ لە وەزیفەی حکومی بێبەش کرا. بۆیێ دەستی بە ئیش کردن کرد لەلەندەن دوکانەکی جل‌و بەرگ فرۆشتنی لە ساڵی ١٦٨٠ دا کردەوە. لە پاشانا لە تەمەنی ٢٤ ساڵی‌دا واتە لە ساڵی ١٦٨٤ کچێکی دەوڵەمەندی دۆزیەوە کردی بە هاوسەری کچەکە ٣٧٠٠ پاوەنی بۆ هێنا «پارەیەکی یەکجار زۆری زەمانی خۆی بوو». ئەو هەشت ساڵەی داهاتووی ژن هێنانی دیفۆ ژیانەکی دەوڵەمەندانە ژیاو بەلام لە ناکاوا نابووت «افلاس» بووو خۆی لە دەست ئەو کەسانە شاردەوە کە داوای قەرزیان لێ ئەکرد. بۆ چ نابووت بوو؟ کەس نازانێ.!

دیفو دەورێکی نادیاری هەبوو لەو پیلانەی کە دژی مەلیك جێمسی دووەم کرا، چونکە شا جێمس کاسۆلیك بووو دەیەویست ئەم دوگمایە «مذهب»دژی پرۆتستانتەکان بچەسپێنێ. بەشداربووەکان کە لە دەرچوانی ئەکادیمیەی مۆرتن بوون لە سێدارە دران. بەلام کەس نازانێ چۆن دانێیل لە سێدارەدان رزگار بوو؟ جێمیسی دووەم «شای ئینگلیز» بۆ دووەم جار ژنی هێنا کە «ماری مۆدینا maria of modena بوو، بە هیوای ئەوەی کورێکی بێ، بەلام «ماریا»ژنێکی بەتەمەن گەورە بوو وە منداڵی نەدەبوو، بەلام قەشە کاسۆلیکی‌یەکان کورێکیان هێنا بەهیوای ئەوەی «عەرشی ئینگلیز» بۆ کاسۆلیکیەکان بێت، ووتیان جێمس کورێکی بوو. تا لەم سەردەمەدا جەنگی ناوخۆیی خەریك بوو بتەقێتەوە، بەلام (٧) پیاوی مەزنی هەردوو حیزبی ویگەکان (whigs) و تووری‌یەکان (Tories) نامەیەکیان نارد بۆ ولیامی سێیەم کە سەرۆك کۆماری هۆڵەندابوو، و مێردی کچە گەورەی جێمس دووەم بوو» بۆ ئەوەی بێت بە شای ئینگلیز. ئیستا دیفۆ لەگەڵ خەڵکەکە چووە پێشوازی کردنی ولیامی سێیەم، لە پاشانا خەڵکە رقیان لێ دەبۆوە، چونکە بێگانە بووو پێیان دەووت ولیام ئۆف ئورینج William of orange یاخود (Butch Billy واتە دارە پۆلیسی هۆڵەندی». شاعیری گەورەی ئینگلیز جۆن درایدن Dryden کتێبی «ئەناید Aneeid»ی شاعیری مەزنی «ڤێرجیل Virgil»ی ترجمەی زمانی ئینگلیزی کرد، پارەیەکی زۆری پێ ئەدرا، ئەگەر پێشەکی کتێبەکەی بۆ شا ولیامی سێیەم دیاری بکردایە. بەلام درایدن بەم کارە رازی نەبوو «ئەمەش شتێکی سەیرە چونکە درایدن هەلپەرستێکی گەورەی زەمانی خۆی بوو. مەزهەب‌و هەڵویست‌و بیروڕای سیاسی خۆی بە پێی زەمان دەگۆری».

ئیستا هەلێکی زۆر باش بوو بۆ هەلپەرستێك وەك دانێیل دیفۆ هەڵبەستێکی درێژ بنووسێ لە ستایش کردنی ئەم شایە کە میللەتی ئینگلیز گاڵتەیان پێ دەکرد چونکە لە رەچەڵك‌دا بێگانە «هۆڵەندی» بوو. لە ٥-١١-١٦٨٨ ولیامی هۆڵەندی هاتە ئەنگلستان‌و دانێیل دیفۆی دڵسۆزی خۆی پێشان دا بە شاو پەیوەندی باش‌و دۆستایەتی لە نێوان دیفۆو شا دا پەیدابوو. لەم سەردەمەدا دانێیل دیفۆ ناوی خۆی‌گۆری «چونکە لە ئەسڵ‌دا ناوی دان فۆ بوو»، ویستی وەك پیاوەکی «خانەدان-نیبل» و دیاری وولات خۆی دەربخا. هەروا دانێل بریاری دا کە هەمیشە «معتدل»بێت لە گشت هەڵوێستەکی سیاسی‌و ئایینی‌دا.

لە ساڵی ١٦٩٢ دا، پاش نابووت بوون، دیفۆ خۆی وون کردو لە ساڵی ١٦٩٤ کارگەیەکی خشت‌و کاشی کری، هەروا لە ساڵی ١٦٩٥ بەهوی پیاوێك کەبویە ناوبژی‌کەر لە نێوان دیفۆو مەلیك ولیامی سێیەم‌دا، وەزیفەیەکی باشی پێ دراو کرا بە «محاسب»ی لیژنەی باج وەرگرتن لە شوشەو جام، وە لە پاشانا وەزیفەتی تری باشتری دەسکەوت، چونکە ئامادە بوو خزمەتی شا ولیام بکات. لە ساڵی ١٧٠١ دا دیفۆ هەڵبەستێکی درێژی لە ژێر ناوی «ئینگلیززی رەسەن»دا نووسی تیایا د پی یای دەری خست کە تەنیا ولیام بێگانە نی‌یە، بەڵکو زۆربەی زۆری میللەتی ئینگلیز بێگانەن‌و بەهۆی هێزو داگیرکردنی وولات هاتوون، واتە ئینگلیزەکان گشتیان «ڤایکینگ‌و نۆرمان‌و سکۆت‌و پیێت Picts»ن، سەرەتای هەڵبەستەکە بەم چەشنەیە:

لەو شوێنەی کە خوا خانووەکی نوێژکردن دروست دەکا شەیتان هەمیشە کلێسەیەکی بچوك Chapel دروست دەکا و بە تاق کردنەوە وا دەبینرێ

کە دووەمین «شەیتان»گەورەترین تاقی نوێژکەر دەخولقێنێ.

دیفۆ خۆی شاعیرەکی رەسەن نەبوو، بەلام شتێکی باو بوو نووسەر شیعر بنووسێ. ئەمەش نابێ لە یاد بکەین کە دیفۆ لە رەچەڵك‌دا هۆڵەندی بوو واتە باپیرە گەورەی هۆڵەندی بوو، بۆیێ بەرگری کردن لە شا لە هەمان کات‌دا بەرگری کردن بوو لە خۆی. بەلام ئەم هەڵبەستە بووە هۆی ئەوەی کە دیفۆ ناوبانگی دەربخاو دەورێکی گەورە لە ژیانی سیاسی‌و کۆمەلایەتی ئینگلیزدا ببینێ. بە شێوەیەك کە توانای هەبوو

«خۆپیشاندانێکی مەزن-مظاهرە» ساز بکات دژی پەرلەمانی ئینگلیزو پەسند کردنو کۆمەکردنو شا ولیام . لە ساڵی ١٧٠١ دا (٥)پێنج پیاوی مەزنی کەنت Kent یادگارێکیان بە شادا وداوای پارێزگاری «ئەنجومەنی گشتی - Commons» یان کرد ، ئێستا پەرلەمان فرمانیدا ئەم پێنج پیاوەی ئەنجومەنی گشتی لە بەندیخانە بخرێن . مەلیك لەم کارە ، نارازی بوو روبەرت هارلی Harley ، کە سیاسی یەکی مەزن بوو ، بە هاوکاری دانێیل دیفۆو ١٦ پیاوی چەکدار چوونە بەندیخانەکەو لەوێ هارلی لە بەردەم خەڵکەکەدا هاواری کرد : «میللەتی ئینگلیز بەندە - عبد-ی پەرلەمان نی یە ، هەروا نۆکەری مەلیکیش نی یە» و یەکسەر ئەم پێنج سیاسی یە بەندکراوە بەرەڵلا کران ، وە لەبەر ئەم رووداوە ساماناكو سەیرە میللەتی ئینگلیز دیفۆیان زۆر خوشویستو وەك پیاوێکی دیاری شاری لەندەن حورمەتیان دەگرت ، بەڵام ئەو رووداوە بووە هۆی دوژمنداری نێوان دیفۆو تووری یەکان Tories . بەڵام لە ساڵی ١٧٠٢ دا ولیامی سێیەم لە سواری ولاغ گلاو کۆچی دووایی کرد .

«ئان-Anne» «کە خوشکی ژنی ولیام بوو» ، بووە شاژنی ئینگلیزەکان . ئەم ئافرەتە پروتستانتی یە دەستی کرد بە تۆقاندنو ئازاردانی جیاوازخوازەکان . دیفۆ لە هەڵوێستەکی زۆر ناخۆشدا بوو ، چونکە کۆنەپەرستەکان دەنگیان دژی جیاوازخوازەکان بەرز دەکرەوەو داوای دەرکردنیان لە هەموو وەزیفەو شوێنەکی گشتی دەکرد . دیفۆ کتێبێکی نووسی لە ژێر ناوی «کورنترین رێگا لەگەڵ جیاوازخوازەکان (The shorter way with the Dissinters تیایا دەری خست کە گاڵتەو تیز بە جیاواز خوازەکانەوە دەکاو هێرش دەباتە سەر مەزهەبی یان ، بەڵام لە راستیدا دیفۆ راڤەی هەڵوێستو بیروڕای کڵێسەی ئەنگلیکانی دەکرد دژی جیاوازخوازەکان . دیفۆ ئوسلوبەکی وای بەکار دەهێنا کە بە شێوەی تیزکردنو گاڵتە کردنو مبالغە کردن لە بیروڕای کڵێسەی ئەنگلیکانی ، خەڵکەکە سەریان لێ شێوا ، نەیان زانی ئەم پیاوە دەلێ چی . لە راستیدا دیفۆ بەرگری لە مەزهەبی جیاوازخوازەکان دەکرد دژی کڵێسەی ئەنگلیکانی «سەراپی گرنگ : دیفۆ ناوی خۆی لە سەر کتێبەکە دەرنەخست ، خەڵکەکە وایان دەزانی کە قەشەیەکی ئەنگلیکانی نووسیویەتی» . ئیتر خەڵکەکە گشتیان توورە بیوون ، چونکە هەر کەسێ بە شێوەیەك بیرو راکانی دیفۆیان لێك ئەدایەوە و ئاژەلك «ضجة» و هەراو هورایەکی زۆر پەیدا بوو لە نێو خەڵکەکەدا کە زۆر حەزیان لەم چەشنە دەمەتەقێیە بوو . ئێستا کە زانیان دیفۆ دژی (high fliers) (ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە داوای دەرکردنی جیاوازخوازەکانیان دەکرد لە وەزیفەو شوێنە گشتی یەکان) ئەم کتێبەی نووسیوە ، یەکسەر پەرلەمان فەرمانی لە بەندیخانە توند کردنی دیفۆی دەرکرد . دیفۆ خۆی شاردەوەو داوای لێبوردنی کرد لە شاژن ئان Anne بەڵام بێ سوود بوو . لە تەموزی ١٧٠٣ دا حوکم دراکە دیفۆ (٣) رۆژ لە نێو «پیلوری Pillory بوەستێ «سەرنج : پیلوری تەختەدارێکە لە ملی مرۆڤ دەکرێو دوو دەستیش پێ دەبەسترێو لە گۆرەپانێکی گشتی بۆ ئەوەی خەڵکەکە قورو تەماتەو هێلکەو شووتیو شتی تری بە سەرا فرێ بدەن» . شاژن «ئان»ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو ، هەروا ئەو سیاسی یەکانی حیزبی توری Tories ، هاتنە سەیر کردنی دیفۆ لەم دیمەنە ناشیرنە ، بەم چەشنە زۆر بەی دوژمنانی دیفۆ ویستیان تۆڵەی خۆیان لەم پیاوە بسێنن چونکە ئەو لەکتێبەکەی گاڵتەی پێ کردوون بەڵام میللەتی ئینگلیز لە جیاتی تەماتەو هێلکە ئەکلیلی گوڵی جوانیان بە سەریا فرێیان دا ، چونکە لە یادیان مابوو ، چۆن دیفۆ ئازایانە چووە بەندیخانەو (٥) مرۆڤی سیاسی بەرەڵلا کرد لە دەست پەرلەمان لە پاشانا دیفۆ بۆ ماوەی یەك ساڵ حوکم دراولە بەندیخانەی نیوگیت Newgate مایەوە « هەڵبەستەکی درێژی نووسی دەربارەی پیلوری Pillory» . دیفۆ زۆر سوودی لە کاتی مانەوەی لە بەندیخانە وەرگرت چونکە لەگەڵ تاوانبارو گوناهکارو گیراوەکان دا تێکەڵ دەبوو ، گوێی بۆیان شل دەکردو زۆر شتی دەنووسی بۆ ئەوەی ببن بە کەرەستەی نووسینەکانی وەك «مۆل فلاندەرز»و «کابتن سینگلتن»و «کولونیل جاك» هەروا زۆر شتی تر کە بوونە کەرەستەی رۆژنامەگەری دووا رۆژی .

رۆبەرت هارلی Harley ، خانەدانو سیاسی بەرزی ئینگلیز دیسان بووە ناوبژیکەر لە نێوان دیفۆو شاژن ئان کە قایل بوو لێی ببووریو چ زیانی کەوتووە بیگەرێنێتەوە ، دیفۆ زۆر چاکەی هارلی بە سەرا بووو ئامادە بوو خزمەتی بکا ، بە تایبەتی بە هۆی رۆژنامەکەی «ذی رفیو The Review» «١٧٠٤-١٧١٣» کە هەفتانە بووو لە بەندیخانەوە دیفۆ دەری ئەکرد . لە پاشانا وای لێهات ئەم رۆژنامەیە هەفتەی (٢-٣) جار دەر بچێ . هارلیو دیفۆ بیروڕای سیاسیو ئایینی یان جوودا بوو بەڵام هەردووکیان «معتدل» بوونو تا ماوەیەك هاوکاریان لەگەڵ یەکا کرد لێرەدا پێویستە بووترێ کە دیفۆ بە «یەکەمین رۆژنامەنووس

دەژمێردرێت» وا زۆر بەهرەو توانای دەرخستو گفتوگۆو دەمەتەقێو هەموو بیروراو هەڵوێستەکی خۆی دەرخست ، هەروا زوربەی لاپەرەکانی پڕ کرد لە چیرۆکو بەسەرهاتی ژیانی واقیعی گوناهبارو تاوانبارەکانی بەندیخانە ، هەروا بروای وابوو ئەوەی جەماوەر بیەوێ پێویستە نووسەر وا بکات واتە وەك بازرگانێك «رۆژنامەگێرو نووسەر» پێویستە وابێ . بەڵام شتێك پێویستە بووترێ لێرە ، ئەویش ئەوەیە کە دیفۆ هەمیشە ستایشی خۆی دەکرد وەك پیاوەکی شەریفو خانەدانو سیاسی‌یەکی گەورەی زەمانی خۆیو نووسەرێکی تێگەیشتووو خاوەن بەهرەو توانایەکی فراوان هەروا هێرشی توندی ئەبردە سەر دوژمنەکانی خۆیو داوای لە «متعصبەکان» دەکرد کە واز لە «تعصب» بهێنو بیروڕایەکی واقعیو مەعقولو «معتدل» پەیدا بکەن ، بۆ ئەوەی ئەم زۆرانبازی‌یە نێو میللەت کۆتایی پێ بهێنرێ .

لەم سەردەمەدا «١٧٠٧»دا . دیفۆ دەورێکی بەرزی بینی لە یەکگرتنی هەردوو پەرلەمانی ئینگلیزیو سکوتلاندیو کتێبەکی نووسی «مێژووی یەکیەتی» باسی شتی کردو دەری خست کە ئەم یەکێتی‌یە دەبێتە هۆی بە هێزی میللەت ، دیفۆ بە ناوی لادێ‌یەکانو بازرگانەکانو زور کەسێ تر دەری خست کە ئەم یەکێتی‌یە لە بەرژەوەندی گشتی میلەتی ئینگلیزو سکوتلاندی‌یە دایە .

هەراو هوریای سیاسی دیسان دەستی پێ‌کردوە ، چونکە عەرشی ئینگلیز نیزیك بوو چۆڵ بێت . وە لەم کاتەدا چووە ڕیزی حیزبی ویگەکان Whigs و وەزیفەیەکی باشی دەسکەوت .

بەڵام لە ساڵی ١٧١٠ دا حکومەتی ویگەکان رووخاو حیزبی تۆری Tories هاتە سەر حوکم ، دیفۆ وەك هەلپەرستێك ، هاتە ڕیزی ئەم حیزبەو وتی : من گوێ نادەم بە هیچ حیزبەك ، میللەت بەکێ دەنگ بدات من لەگەڵ ئەوم ، واتە ئەگەر میللەتی ئینگلیز دەنگی دا بە ویگەکان ئەوا دیفۆ لەگەڵ ئەوانا دەبێت ، و ئەگەر میللەت دەنگی دا بە توری‌یەکان Tories ئەوا دیفۆ لەگەڵ توری‌یەکانا دەبێ . بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە دیفۆ کاتێ کە ئەندام بوو لە حیزبی ویگەکان سیخوری تۆری‌یەکان بوو . بۆیێ ئێستا کە هاتە حوکم وازیان لێ هێنا . شاژن ئان Anne لە ساڵی ١٧١٤ دا مرد «شاژن ئان ١٧ منداڵی هەبووو هەموویان پێش خوی کۆچیان کردبوو» بۆیێ ئێستا جۆرجی یەکەم بووە شای ئینگلیزەکان . ئەم شایە دایکی ئینگلیز بوو ، و زمانی ئینگلیزی نەدەزانیو تێکەڵی سیاسەت نەدەبوو . لەم سەردەمەدا حیزبی ویگەکان هاتنەوە سەر حوکم ٢١ ساڵ لەسەر حوکم مانەوە . دیفۆ دیسان هاتەوە ڕیزی ئەم حیزبەو بووە سیخور (جاسوسی)ی حکومەت . شتێکی گرنگ هەیە کە پیویستە بووترێ ئەویش ئەوەیە کە ستیوارتی‌یەکان (میلەتی ئینگلیز ستیوارتی‌یەکانی خۆش نەدەویست چونکە بێگانە بوون لەبەر چاویا . ستیوراتی‌یەکان نەوەی مەلیك جیمسی یەکەمو چالزی یەکەمن کە لە کاتی شۆرشی مەزنی ئینگلیز لە ١٦٤٩ دا اعدام کرا» دەیان ویست بێنەوە سەر عەرشی ئەنگلستان . تاقمێك هەبوو کە (یاعقوبی Gacobites) یان پێ دەووت ئەمانە پشتگیری ستیوارتی‌یەکانیان دەکرد ، یەکێك لەمانە دیفۆ بوو .

رۆژنامەیەك هەبوو بە ناوی (Mists Journal) دیفۆ بووە یەکەم نووسەری ئەم رۆژنامەیە ، بەڵام پاش ماوەیەك دیفۆ لەگەڵ خاوەنەکەی تێك چوو وا دەردکەوت کە دیفۆ تەڵەکەبازو هەلپەرستو ترسنۆکە ، بۆیێ وازی هێنا لە سیاسەت و رۆژنامەگەریو ئیفلاس کردەوەو خاوەن قەرزەکان یاخەیان گرت . ناچار دیسان کارگەیەکی خستو بلۆکو کاشی دامەزراند ، وە لە ساڵی ١٧٣٠ دا دیسان ئیفلاس کردەوەو خۆی شاردەوە لەگوندی گرنیچ ، لەبەر ئەوەی ژنەکی بێوەژن شکاتی لێ کردبوو لەبەر قەرزی (٢٥) ساڵ پێشوو تر .

وە لە تەنیایی‌دا لە نیسانی ١٧٣١ دا کۆچی دووایی کرد پاش ژیانەکی پڕ لە گەرداوەو شەپۆلی بەرزو نزمی ژیانەکی پڕ گۆڕانو سەختو سەردەمێکی بێ بەزەیی پڕ لە گێژەنەی سیاسیو ئایینی .

رۆژنامەکان تەنیا هیندەیان نووسی «چەند رۆژێك لەمەوبەر دانێیل دیفۆ . ئەو نووسەرەی کە بەرهەمی زۆر بوو مرد» .بەم چەشنە ئەو پیاوە ئەنتیکەو دەربەدەرو بازرگانو خاوەن کارگەو سیخورو هەژارو دەوڵەمەندە کۆتایی بە ژیانی هێنا . بەڵام ئەم پیاوە ئێستا بە یەکەم رۆماننووسو یەکەم رۆژنامەگێر دەژمێردرێت ، هەروا خاوەن عەقڵێکی قوولو فیکرێکی رووناكو چاکەخواز(مصلح) یکی کۆمەڵایەتی ئەژمێردرێ . دیفۆ ،خوێ خەریك دەکرد بە نووسینو خوێندنو هەولی ئەدا لەگەڵ واقیع دا بگونجێو خۆی پیاوەکی خانەدانو سیاسی‌یەکی دیاری زەمانی خۆی بێ . بۆیێ هەمیشە تێکەڵی هەموو دیاردە سیاسیو ئایینی‌یەکانی زەمانی خۆی دەبوو . واقیع بەتفتوتاڵیو کۆسپەوە سەرچاوەی نووسینەکانیەتی ، بۆیێ دیفۆ هەمیشە لەگەڵ ژیانی چاخی خۆی‌دا ئەگونجاو دەمەتەقێ لەگەڵ هەموو پارتیو تاقە سیاسیو

ئایینی‌یەکانی دەکرد هەروا لەم سەردەمەدا زۆر هەول ئەدرا بۆ ئەوەی زانستی عەمەای‌و تیوری (نظری) رێك نجری بۆئەوەی زانست‌و ئەدەب‌و هونەر زیاتر گەشە بکەن . کابرایەك کتێبەکی نووسی‌و تیایا باسی کرد کە نووسەری چاك ئەو کەسەیە بە ئاسانترین رێگاو کورنترین رستەو رەوانترین زمان بیروڕای خۆی دەرئەخا . بۆیی دەبینین بایەخ دان بە ووشەی قورس‌و رستەی نادیار باوی نەماو ئوسلوبی رۆژنامەگەری سادەو رەوان و زمانی ئاسان‌و رێك‌و پێکی رستە زۆر بایەخی پیێ درا .

ئەمەش بووە هۆی پەی‌دا بوونی جۆرێك لە چیرۆك کە پێیان دەووت رومانسی R;mance ، دیفۆ زۆربەی بەرهەمی ئەدەبی بەجێ هێشت لەمانە :

١ – تارمایی خاتوو ڤیل Mrs. Bcal (١٧٠٦) چیرۆکێکی خەیالی

٢ – رۆبنسن کرۆسۆ ١٧١٩

٣ – کابتن سینگلتن Singleton (١٧٢٠)

٤ – یادگارەکانی سوارەك ١٧٢٠

٥ – مۆل فلاندەرز (١٧٢٢) (رۆمانەکی درێژە) .

٦ – کۆلۆنیل جاك Jack ئەمە دەربارەی منداڵێکە لە خێزانەکی خانەدان بەلام لە منداڵی‌یەوە لەلایەن جەردەزەریایەك (قرصان)ەوە پەروەردە دەکرێت .

٧ – لاپەرەکانی ساڵی تاعوون ١٧٢٤ «ئەمە سەیرترین چیروکی ساڵی تاعوون (١٦٠٥)ە ، مرۆڤ لەبەرکارەساتی خەڵك پیێ دەکەنی» .

٨ ووتارێك دەربارەی پرۆژەکان . ئەمەش کتێبێکی کۆمەلایەتی و سیاسی‌و ئابووری‌یە . لە کتێبەدا دیفۆ داوای کرد قانوونی چاك دابنرێ بۆ بانقەکان‌و تأمین‌و رێگاوبانی باش‌و قیرتاوکراو بکرێت‌و باج لە دەسکەوت «ضریبة الدخل» وەربگیرێ‌و نەخۆشخانەی سێەکان بکرێتەوە هەروا پێویستە ئافرەت و وەك پیاو بخوێنێ‌و بێتە مەیدانی کارکردن ، هەروا داوای یەکسانی‌و دۆزینەوەی کار بۆ هەموو کەس ، هەروا دیفۆ لە کتێبەکەی‌دا کورترین رێگا بۆ دەوڵەمەند بوونی دیارخست «بەلام دیفۆ (١٣)جار ئیفلاس کرد لە ژیانی» . بە راستی هوشیاری و عەقلیەتی نایابی‌و رۆشنبیری قوولی دیفۆو تاقی‌و تەجروبەی لە ژیانی گشتی ئینگلیز هێندە بەنرخن‌و لە کتێبەکانی کە ژمارەیان دەگاتە (٢٥٠) کتێب دەرئەکەون ، بۆیی ئەم نووسەرە کلاسیکی‌یە شوێنەکی دیاری هەیە لە مێژووی ئەدەبی ئینگلیزدا .

رۆمانی رۆبنسن کرۆسۆ ١٧١٩ کە یەکەم رۆمانە لە جیهان‌دا ، یەکسەر بووە هۆی ئەوەی کە دیفۆ ناوداریتی مەزن پەیدا بکا ، وە سەرکەوتوانە ناوی تۆمار کرد لە ئەدەبی جیهان‌دا ، ویەکسەر ترجمەی فرەنسی کرا . ئەم رۆمانە گەش‌و بەرزە زۆر مەرجی هونەری تیا بەدی دەکرێ وەك کەراکتەری وپلوت «حبکە Plot» ورووداو زۆرانبازی مۆنۆلۆژو زمانی پەخشانی سادەو دەربرینی هەست‌و نەستی مرۆڤ دەربارەی جیهان‌و ژیان‌و کۆمەڵگاو گەردوون . . بەڵێ کرۆسۆ «ئەم کەراکتەرە ئیشکەرو زیندوو ئازاو کارامەو خاوەن عەقلەکی قوول‌و هەستی مرۆڤانە» زاڵ بوو بەسەر داهێنەرە (دیفۆ) کەی ، بۆیی ، دیفۆ لە شەپۆلی ناوی رۆبنسن‌دا ناوی وون بوو . بەلام تاکی‌و تەجروبەو خۆشی‌و تفت‌و تاڵی ژیانی کرۆسۆ لە دیفۆ جوودا ناکرێت ، واتە ئەم رۆمانە لە ئۆتۆبایوگرافی «سیرە ذاتیة Autobiography» دەچێ ، ونووسەرەکەی کە دایناوە دەزانێ کتێبەکەی «ئەدەبی گەشتیار – أدب الرحلات»ی داناوە کە زۆر باو بوو لەو سەردەمەدا ، بەلام رەخنەگران ئەمەیان بە یەکەم رۆمان دانا ، هەروەها مۆل فلاندەرز کە چیرۆکەکی درێژە «٣٠٠ لاپەرە زیاترە» دەربارەی تەنگوچەڵەمەی ئافرەتێك لە زەمانێکی سەخت‌و پڕ ناکۆکی‌و درندەیی‌و چۆن ئەم ئافرەتە هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکات لە چنگ ئەو بارو زروفە ناخۆشانەی کە دووچاری بوون .

لە سەردەمی دیفۆدا زۆر چەشنە بەرهەمی ئەدەبی بلاو دەکرایەوە وەك «رۆژانە – یومیات»ی قدیس ئۆگستین ، هەروا زۆر چەشنە کتێبی ئەدەبی گەشتیاری کە باسی ژیانی میللەتی دوورەکانی دەکرد بلاو دەکرایەوە ، بۆیی دیفۆ کتێبی رۆبنسن کرۆسۆی نووسی بۆ ئەوەی وەك نووسەرانی تر ناوی خۆی دەربخا ، بەلام لە راستی‌دا پیاوێك هەبوو ناوی ئەلکسەندەر سەلکیرك Al.Salkirk بوو و بەدرێژایی چوار ساڵ لە دورگەی جوان فیرناندیز Fernandez بە تەنیایی ژیا ، ریفۆش چیرۆکی ئەم پیاوەی گۆڕی‌و بە ئوسلوبەکی رازاندراوەو زمانەکی روون‌و ئاسان توانی پەیوەندی ئەم پیاوە بە خوای خۆی دەربخا و هەست‌و نەستی تەنیایی مرۆڤ دەربخا . کرۆسۆ خۆی رزگار دەکا لە مردن کاتێ کە پاپۆرەکەیان لە گەردەوەیەکی مەزنی زەریا پارچە پارچە ئەبێ . کرۆسۆ بە هۆی کە لەکێك زۆر شتی سوود بەخش لەگەڵ خۆیا دەهێنێ . دووایی کرۆسۆ دەکەوێتە دەست جەردە زەریایی‌یەکان (القراصنة) و بە شێوەیەکی بەربەری‌و درندانە لەگەڵیا رەفتار ئەکەن ، دیفۆ زۆر ئاخ‌و داخی بەربەرەکانی ژیانی خویا لەگەڵ خەڵکا دەر ئەخا . بەلام خودا

کرۆسۆی ئارام گر ڕزگار ئەکا تا دەگاتە دورگەیەکی دوورو بۆ ماوەیەکی درێژ بە تەنیایی دەژی . لێرە ئەو مرۆڤە هەموو جۆرە کارێك فێر دەبێ . تارتاشی ، جلك دروویی و ئاژەڵ بەخێو کردن ، چاندنی برنج و جۆ ، و زۆر شتی تر بۆ ئەوەی ژیانی لەم تەنگوچەڵەمەیەدا ئاسان ببێت .
گرنگترین خاڵ لێرە پەیوەندی کرۆسۆ لەگەڵ خوای خۆیەتی ، بۆیێ کرۆسۆ – یاخود دیفۆ – لەگەڵ خۆی بەراورد دەکا ، قوولایی عەقل و هەست و بیرورا و هەڵوێستی و تاقی ژیانی بەکار دێنی و سوود لە زۆر رووداوو کتێب وەك «اعترافاتی قدیس ئۆگستین» وەر ئەگرێ .

ئەو خوایەی کە کرۆسۆی ڕزگار کرد لە دەست جەردەو زەریادزەکانی «القراصنة»و کاری درەندەیی یان ، ئەو خوایەی کە هەموو شتی پێویستی ژیانی ئاسان کرد توانای هەیە لەم تەنگوچەڵەمەیە ڕزگاری بکا . ئەم تفتی و تاقی ژیان و تەنگوچەڵەمەی ژیان چۆن کار ئەکەن بەسەر عەقڵ و هەستی مرۆڤ و ئاراستەی دەکەن لە ژیانا ؟ دیفۆ بە شێوەیەکی دراماتیکی توندو تیژ ئەم رەفتارانەی کرۆسۆ دەر ئەخاو بیروراکانی پیورتیانەکان و جیاوازخوازەکان «کە خۆیان بە مەسیحی ڕاستەقینە دادەنا» دەرئەبری . کرۆسۆ هەمیشە وەك مرۆڤەکی داهێنەرو خاوەن عەقڵێکی قوول و دانایەکی چالاك و ئازا دەرئەکەوێ . «لێرە دیفۆ ستایشی و زاتی خۆی دەکا» . دەربارەی کرۆسۆو کەرەکتەرەکانی کولرج دەڵێ : «هەرکەس دەتوانێ خۆی لە جیاتی کرۆسۆ دانێ» واتە کرۆسۆ ڕەمزێکە بۆ گشت مروڤانی تەواوی ئەم جیهانەو جۆری تیفکرین و رەفتاری لە تەنیایی دا ئازادی و سەرفرازی گشت مرۆڤایەتی ئەنوێنێ . چونکە هەموو مرۆڤێك کە ڕووبەڕووی سەختی و پەشێوی ژیان بوو ، ئەوا لە تاقی و تەجرووبەیەکی ژیانا تێپەڕ ئەبێ و دەربارەی دیاردەکانی ژیان خورەوشتی دەرئەخا . وە لە ڕاستی دا ژیانی کرۆسۆ ژیانەکی ئایینی و خواپەرستی و کرداری چاکی مرۆڤە ، لە تەنیایی دا تەنیا خوا هۆگری دەروونی مرۆڤە . وە لە ڕاستی دا بیرورا ئایینی یەکانی کرۆسۆ – یاخود دیفۆ – لە کتێبی «حورمەتی ئایینی Religious Courtship » دا دەرئەکەوێ . خواپەرستی لەگەڵ سۆزو انفعالاتی ناخی مرۆڤ تێکەڵ دەبن و حەسانەوەو دڵ ڕەحەتی بە مرۆڤ دەبەخشن . واتە مرۆڤ بە انفعالات ڕەفتار دەکا لەگەڵ ڕووداوە مەزنەکانی جیهان وەك مردن و ڕزگار بوون ، بۆیێ ژیانی زاهیدی و تقشف چەند هەستەکی ئارام گری و دڵفراوانی بە مرۆڤ دەبەخشێ .

ئافرەت سەرنجی دیفۆی ڕاکێشاوە ، وە بیروراکانی لایەنگیری مافی ئافرەت دەکا ، بۆیێ ئافرەت شوێنەکی تایبەتی هەیە لە بەرهەمی دا .

ڕۆگزانا Roxana (١٧٢٤) یەکێکە لەو چیرۆکانە کە دەربارەی ئافرەتێکی جوان ئەدوێ . ئەم ئافرەتە پاش (١٥) ساڵ شووکردنی و پاش پێنج منداڵ لە مێردەکەی بریار ئەدا . لە کۆیلەتی «عبودیة» خێزانی ڕا بکا . دیفۆ دەیەوێ ئەوەمان بۆ دەربخا کە زروف و ڕۆژگاری پیس ڕەفتاری ئافرەت بەرەو خراپە دەگۆڕێ ئەمەش بە جوانترین شێوە لە ڕۆمانی مۆل فلاندەرز Moll Flander (١٧٢٢) دەرئەکەوێ .

ئەم ڕۆمانە درێژە ڕۆمانێکی ڕاستەقینەیەو دەربارەی ئافرەتێکی کە دیفۆ لە بەندیخانەدا پێشوازی کرد . دیفۆ لە پێشەکی دەرئەخا کە ئەمە چیرۆکی واقیعی تفت وتاڵی ئافرەتێکە وتەنیا خۆی کورتی کردۆتەوەو بە ئوسلوبی ئەدەبی خۆی نووسیویەتی . ئەمە خەباتی تاکە ئافرەتێکە دژی جیهانەکی پڕ لە ناکۆکی و قەساوەت و درندەیی و بێڕەوشتی . زەمینەو مەناخی کۆمەلأیەتی چۆن کار ئەکەنە سەر ڕەفتاری مرۆڤی تاك ؟ ئەم ڕۆمانە وەلأمی ئەم پرسیارەمان ئەداتێ . دیفۆ بەزەیی دێت بە گوناهکارو تاوانبارەکانی ، هەست و نەستی خوێنەر ئەبزوێ کاتێ کە مۆڵ Moll دەبینێ دزی دەکا ، ئیشی خراپ دەکا ، شت دەرفێنێ و خراپ ترین کار بەجێ دێنێ . بەڵام بەزەیی خوێنەر هەمیشە زیاد دەکا کە دەبینێ چۆن ڕۆژگاری کۆمەلأیەتی تەئسیرەکی زۆری هەیە بەسەر ڕەفتاری ئەم ئافرەتە . ژیانی هەژاری و درندەیی و نزم ڕەوشتی کۆمەڵگای ئینگلیزی بە ڕاسترین شێوە بەدی ئەکرێ لەم ڕۆمانەدا . کۆلن ویلسن دەڵێ : ' دیفۆ ئەم ڕۆمانەی نەنووسیوە بەڵکو دزیویەتی . بەڵام دیفۆ ئوسلوبی ئەدەبی خۆی بەکار هێناوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە . لە کۆتایی ئەم ڕۆمانە درێژەدا مۆڵ ئافرەتێکی تۆبەکار دەبێ و مێردەکەشی کە چەتەو ڕێگر بوو تۆبە دەکاو بە کامەرانی و هێمنی دەژین . بەم چەشنە ئەم ئافرەتە کە خۆی هاویشتە ناو زەلکاوی ژیان ، و لە نزمترین ڕەوشتا ژیا ، توانی خۆی ڕزگار بکاو ڕابوردووی پڕ لە پەژارەو کەساسی و داوێن پیسی لە یاد بیات . وولتر ئەلن W.Allen دەڵێت مۆل فلاندەرز ڕۆمانێکی سوسیولوجی یە چونکە تأسیری کۆمەڵگا دەرئەخا بەسەر مرۆڤ و چۆن تاوانبار دەخولقێ لە ناوچە (بیئة) یەکی ناسازو نزم ڕەوشت دا .

مۆڵ لە منالی یەوە بەندیخانە لەدایك بووە . دایك و باوکی خۆی نابینێ و نازانێ منالێتی چۆن بووە . تەنیا کە گەورە دەبێ دەزانێ دایکی ٣ پارچە قوماشی دزیوە .

مۆل لەگەڵ قەرەجەکانا ژیاو لە پاشانا هاتە شاری کلۆچێتەر Clochester . مۆل لە ماڵی موختاری شار ژیاو فێری دروومان بوو . لە پاشانا چووە ماڵەکی تر وەك ئافرەتێکی خزمەتکار ئیشی کرد . لێرە مۆل فێری مۆسیقا بوو چونکە ماڵەکە دەوڵەمەند بوو و مامۆستای تایبەتی منالەکانی ئەم ماڵەی فێری زۆر شت ئەکرد «مۆسیقاو سەماو زمانی فەرەنسی» فێر بوو . ئەم خێزانە دوو کوڕیان هەبوو . کوڕە گەورەکەیان پەیوەندی توندی بەست بە نهێنی لەگەڵ مۆل‌دا ، کە زۆر قەشەنگ و جوان بوو . بەڵام ئەم کوڕە گەورەیە واز لە مۆل دەهێنێ‌و برا بچوکەکەی «رۆبین Robin» مۆلی دەهێنێ . مۆل هەموو پەیوەندی جینسی پچراند لەگەڵ برا گەورەکەی مێردی چونکە ئەم پیاوە لە مانای شەرەف‌و عەدالەت‌و مەسیحیەت ناگات . مۆل دوو منالی دەبێت لە مێردەکەی رۆبین . پاش پێنج ساڵی کامەرانی رۆبین Robin مردو دوو منداڵەکەی دایك‌و باوکی رۆبین بردیان ، بەم چەشنە مۆل لە دوو منداڵەکەی بێ بەش کرا . مۆل تۆزێك دەوڵەمەند بوو بەهۆی میراتی مێردی ، بۆیێ ژوورەکی بە کرێ گرت لە ماڵی کوتاڵ فرۆشێك کە لەگەڵ خوشکی خۆی‌دا دەژیا . مۆل دووبارە مێرد دەکا بە کوتاڵ فرۆشەکی ترو پارەکەی ئەدا بە مێردی کە خێرا ئیفلاس دەکاو داوا لە مۆل دەکا کە هەندێك شت بشارێتەوە لە جێگایەك‌و مێردەکەی را دەکا بۆ فەرەنسا . بەم چەشنە مۆل دەکەوێتە داوی تێفکرینی دەربارەی پیاوەکانی کۆمەڵگاو سایکۆلۆجیانە دەروونیان شیتەل ئەکاتەوەو ئەوەی دەرئەخا کە پیسن ، بۆگەن‌و تەماع کارن‌و لە قسەی پیس‌و مەی‌و رەفتاری هەرزان چی تر نازانن . هەروا زیرەکانە لەوە ئەگات کە ئافرەت مافی نی‌یەو وەك شتێك دەکرێ‌و دەفرۆشرێ . تێ دەفکرێ : ئایا پیاوەکی بەشەرەف هەیە شووی پێ بکا ؟ . بەڵام خەڵکەکە دووای پارەو پول‌و ژنی هەرزان وێڵن . بۆیێ مۆل تیز دەکا لە پیاوان‌و گاڵتە بە خەڵکەکەی زەمانی خۆی ئەکا کاتێ کە لەگەڵ بیۆژنێك‌دا دەژی راستە ئافرەتەکان بە دووای پیاوان‌دا دەگەڕێن بەڵام پیاوەکانیش ئافرەتیان ناوێ ، بەڵکو پارەو خشل‌و زێڕیان دەوێ . مۆل بۆ سێیەم جار شوو بە پیاوێك دەکاو لەگەڵیا دەچێت بۆ ڤێرجینیا «وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا» . ئەم پیاوە ئەرزو دەغل‌و دانی هەبوو لەوێ . لێرە دایکی مێردەکەی چیرۆکی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ مۆل‌و مۆلیش واقی وڕ دەمێنێ چونکە یەکسەر بۆی دەرئەکەوێ کە ئەم ژنە دایکی مۆلەو مێردەکەی مۆلیش زڕبرایەتی . مۆل لە خۆی‌و لە ژیانی بێزار ئەبێ .

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مۆل خۆی بێ‌دەنگ دەکا وەك ژن‌و مێرد ژیانی ئەباتە سەر لەگەڵ زڕبراکەی‌دا بۆ ماوەی (٣) ساڵ‌و منالەکی لێ نابێ . ئەم راستەقینەیە سامدارە ژیانی مۆل تاڵ‌و تاریك دەکات بۆیێ مۆل هەموو شت بۆ دایکی دەگێڕێتەوە . دایکی مۆل داوای لێ دەکا بێ‌دەنگ بێ‌و نهێنی ژیانیان کپ بکاتەوەو لەگەڵ «براکەی» وەك ژن‌و مێرد بژی . بەڵام مۆل توانای نامێنی لەبەر دەم راستی تفت‌و تاڵ بۆیێ بۆ «براکەی» یاخود مێردەکەی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە ، ئەویش سەر سام‌و بەترس هێمن دەبێتەوەو شەرمەزار دەبێ لە ژیانی بۆیێ دەچێتە ژوورەك‌و دەیەوێ بە پەتێك خۆی بخنکێنێ بەڵام دایکی‌و بە یارمەتی پیاوەکی زنجی ئەم پیاوە رزگار دەکەن ، پاش (٨) ساڵ لە ڤرجینیا (ئەمەریکا) مۆل دەگەڕێتەوە ئەنگلستان . مۆل لەگەڵ ئافرەتێك ژیاو شووی کرد بە پیاوەکی چاکی دەوڵەمەند و (٣) منداڵی بوو (دووانیان مردن) بەڵام پاش (٦) ساڵ لە ژیانی‌دا لەگەڵ ئەم پیاوە دوور کەوتەوە .

مۆل پەیوەندی بەستبوو لەگەڵ فەرمانبەرێکی بانق ، ئەم پیاوە ژنەکەی خۆی تەلاق ئەداو داوا لە مۆل دەکا شووی پێ بکا ، بەڵام مۆل گەشتێك ئەکا بۆ «لانکشایەر»و «لیڤەرپوول»و شوو دەکا بە پیاوەکی دەوڵەمەند «ئەمەش پێنجەم مێردە لە ژیانی‌دا» . مۆل لەگەڵ ژنێك سەفەر دەکا ژنەکە دەچێتە ماڵی برای‌و مۆلیش شوو ئەکا بەم کابرایە . بەڵام وا دەرئەکەوێ ئافرەتەکە – کەوا دەستە خوشکی مۆلە – هیچ براو خوشکی نی‌یە بەڵام خۆی داوێن پیسە ، هەروا دەرکەوت ئەم پیاوە دەوڵەمەندیش نی‌یە بەڵکو چەتەو ڕێگرێکەو ناوی «جەیمس James»ە . جەیمس داوای لێبوردن دەکا لە مۆل‌و خۆی بزر ئەکا . مۆل دەگەڕێتەوە شاری لەندەن‌و چاوەڕێ دەکا منالی ببێ‌و مێردی پێنجەمیشی جەیمس دەچێتە ئێرلەندە . مامانێك سەرپەرشتی منداڵ بوونی مۆل دەکا . بەڵام ئەم مامانە وەك ئافرەتێکی داوێن‌پیس دەرئەکەوێ «زوربەی کەراکتەرەکانی ئەم رۆمانە بێ‌ناون‌و لە ژیانەکی پیس‌و هەرزانا دەژین» . مۆل منداڵەکی دەبێ‌و (١٠) پاوەن ئەدا بە ژنێك بۆ ئەوەی منداڵەکەی بۆ بەخێو بکا ئەویش لەبەر ئەوەی دەیەوێ دیسان شوو بکا بە فەرمانبەرەکەی (بانق) . کاتێ کە مۆل‌و مێردەکەی (فەرمانبەری بانق) لە خان (Inn) یێك‌دا دەژین (٣) پیاوی جەردە پەلاماری خانەکە ئەدەن «یەکیان جەیمس

– مێردی مۆل – ئەبێ» بەڵام جەیمس مۆل نابینێ. مۆل (٥) ساڵ ژیا لەگەڵ مێردەکەی فەرمانبەری بانق ، بەڵام ئەم مێردەش مرد لەبەر ئەوەی زۆر خەفەتی خوارد دووای سووتانی قەرزێکی گەورەی لە لای پیاوێکدا . ئێستا مۆل تەمەنی (٤٨) ساڵ بوو و چەندەها منداڵی لەم لاو لەولا فڕێ درابوون و دەستی کرد بە دزیکردنو شت فڕاندن . ڕۆژێك منالەکی بچووکی – جوان دەبینێ ، مۆل ملوانکە زێڕەکەی ئەدزێو دەیەوێ منداڵەکە بخنکێنێ ، بەڵام ئەم ئارەزووە شەیتانیەی نایەتە جێ . لەگەڵ چەند ئافرەتی داوێن پیس تاقمێکی جەردەییو دزی کردن دائەمەزرێنن . ئەوەی ئەم کردارانەی بکردایە حوکمی أعدام کردنی بەسەرا ئەدرا . زۆر ژنو پیاو تووشی لەسێداره دان ئەبنو اعدام ئەکرێن . مۆل دەبێتە تەلەکەبازو دزو جەردەو دەست دەکا بە یاری قومار لەگەڵ پیاوانا . بەڵام پاش دزیو شت ڕفاندن مۆل دەکەوێتە دەست پۆلیسو لە بەندیخانەی نیوگەیت Newgate بەند ئەکرێو حوکمی اعدامی پێ ئەدرێ . ڕۆژێك (٣) پیاوی جەردە دەهێنرێن بۆ ئەم بەندیخانەیە – یەکیان لەمانە جەیمسی چەتەو مێردی مۆل دەبێ – مۆل دەموچاوی پۆشیو شاهیدی دژی جێمسی مێردی دا . قەشە یەك توانای هەبوو حوکمی اعدام کردنی جەیمسو مۆل بگۆڕێ . مۆل ڕەوانەی ڤیرجینیا – ئەمەریکا – دەکرێو لەسەر پاپۆڕەکە مۆلو جەیمس دیسانەوە بە یەك دەگەن . مۆل لە ڤیرجینیا دەچێتە لای زربراکەی (کە مێردی بوو بۆ ماوەی (٨) ساڵ) و سەیری کوڕەکەی خۆی کە لە زربراکەی بوو دەکاو ناوی هەمفری دەنێ .

مۆل دەزانێ کە دایکی مردووە ، مۆل هیچ قسەیەکی نەکرد لەگەڵ زربراکەی (کە مێردی بوو) بۆیێ چووە ویلایەتێکی تری ئەمەریکاو دەستیان کرد بە چاندنی تووتن . مۆل نامەیەکی بۆ براکەی دەنووسی بەڵام پاش ماوەیەك ، هەمفری(کوڕی مۆلو زربراکەی) دێتە لای مۆلو ماچی دەکا . هەمفری مۆل دەبات بۆ ماڵیانو پارچەیەك زەوی – دایکی مۆل – ئەدرێ بە مۆلو مێردەکەی جەیمس تۆبە دەکاو ژیانەکەی ئاینیو مەسیحیەتی ڕاست دەژی . مۆلو جەیمس زۆر دڵشاد دەبن لە ئەمەریکاو پاش (١٠) ساڵ لە نەفیخانە «واتە لە ئەمەریکا» دەگەڕێنەوە بەریتانیاو بەم چەشنە مۆل پیر دەبێ . وچیرۆکەکە دووایی دێت .

بەم چەشنە دەبینین کە ڕۆژگارو ناوچەی پیسی کۆمەڵایەتی دەورێکی بەرزیان هەبوو لە ئاراستە کردنی مۆلو ڕەفتارە پیسو هەرزانەکانی ، مۆل توانای نەبوو لەم پەژارەو کەساسییە خۆی ڕزگار بکا بەڵکو زوو دەکەوتە چاڵی ژیانی گومڕاییو هەرزان ، چەندەها منداڵی لەم لاو ئەولا بەجێ مان ، و زۆر جار ئیشی خراپەکاری دەکرد لەگەڵ پیاوو ئافرەتانی زەمانی خۆی . بەڵام ئەو کەسانەی دیفاع لە مافی ئافرەت دەکەن مۆل فلاندەرز بە قدیسەك دادەنێن .

چەند سەرنجێك :

١ –جیاوازخوازەکان «المنشقون Dissenters» ئەمانە تاقمێکی ئاینی بوون دژی کڵێسەی ئەنگلیکانی ئینگلیز .

٢ – پیورتانەکان Puritans ئەمانەش تاقمێکی تر بوون دژی کڵێسە ئەنگلیکانی ئینگلیز . ئەم دوو تاقە لە ژێر سەرکردایەتی کرۆمویلدا شۆڕشێکیان داگیرساند دژی مەلیکی ئینگلیزی (١٦٤٠ – ١٦٦٠) بەڵام لە ساڵی ١٦٦٠ ستیوارتییەکان هاتنەوە سەر عەرشی ئینگلیز .

٣ – ویگەکان Wh;gs : تاقمێکی ناوەندی ئینگلیز بوون لە پاشانا بوون بە پارتی سەربەستەکان «حزب الاحرار» .

٤ – توریەکان Tories : ئەمانە پارتێکی سیاسی لایەنگیری ڕژێمی مەلیکی ئینگلیز بوون «کۆنەپارێز – محافظ»نو بوونە پارتی کۆنەپارێزی – حزب المحافظين – ئێستا .

سەرچاوەکان :

1 – A History of English Literafure by : Emile Legours and Lois Cazamian (1967)

2 – Encylopedia Brittanica. 1975.

3 – Moll Flanders: by Daniel Defoe. Pan Book X 433 London 1965

«کۆلن ویلسن پێشەکییەکی درێژی بۆ نووسیوە»

4 – The English Novel: By Walter Allen. 1967.

5 – Aspects of Novel: by E.M.Forster.1963.

6 – Ashort History of English Literature: By Sir Ifor Evans 1963.

7 – The Story of Mankind: By Hendrik Willen Van Loon.

ئەم کتێبە دەربارەی مێژووی جیهانەو بە سەدان جار چاپ کراوە لە چاپی (Poket Book) (١٣) هەم ١٩٤٥ .

٨ – مجلة الاصوات . العدد الثالث ١٩٦١ السنة الاولى (طبعة لندن) مقال بعنوان «دانيال ديفو» بقلم سهيل بديع بشروئي .